

# من و باوکم

**پێر لاگەرکڤیست**
**لە سوێدییەوە: کەریم تاقانە**
**(سوێد)**

وەختێک دە ساڵ دەبووم و نەدەبووم، لە بیرمە باوکم دوانیوەڕۆیەکی یەکشەممە دەستی گرتم و چووینە دەرەوە بۆ نێو دارستان هەتا گوێ لە ئاوازی باڵندە بگرین. بە دەست تەکاندان خواحافیزیمان لە دایە کرد کە لە ماڵ دەمایەوە و خواردنی ئێوارەی لێ دەنا و نەیدەتوانی لەگەڵمان بێ. خۆر بە گەرمی دەدرەوشایەوە و ئێمە دڵخۆش کەوتینە ڕێ. ئاوازی باڵندە هێندە بە لامانەوە شکۆمەند نەبوو، کە بڵێی شتێکی لەڕادەبەدەر خۆش، یان سەیروسەمەرەیە، هەم باوکم و هەم من خەڵکانێکی تەندروست و ژیر بووین، لەنێو سروشتدا هاتبووینە دنیا و پێی ڕاهاتبووین، ئەمە هیچ زێدەڕەوییەکی تێدا نەبوو. چوونەدەرەوەمان بۆ نێو دارستان تەنیا لەبەر ئەوە بوو کە دوانیوەڕۆی یەکشەممەیە و باوکم دەستی خاڵییە. بەسەر هێڵی شەمەندەفەردا ڕۆیشتین، بەوێدا کە کەسی دیکە بۆی نەبوو بڕوا، بەڵام باوکم لە ڕێی ئاسن ئیشی دەکرد و ئەو مافەی هەبوو. بەم شێوەیە ڕاستەوخۆ هاتینە نێو دارستانەکەوە، پێویستمان بەوە نەبوو ڕێگای پێچەڵاوپێچ بگرینە بەر.

دەستبەجێ هەم ئاوازی باڵندە دەستی پێ کرد و هەمیش هەموو شتێکی دیکە. جریوەی سەیرە، کڵاونە، پاساری، جرەی سترانبێژ، هەموو ویزەویزێک کە پیاو هەر کە هاتە نێو دارستانەوە، لە چواردەوری خۆی هەستیان پێ دەکا، لەنێو دەوەنەکانەوە دەهات. زەوی بە گوڵاڵەسوورە داپۆشرابوو، دارتووسەکان نێونێوە گوڵیان دابوو و دارکاژەکان چرۆیان دەرکردبوو، بۆن تەواوی وڵاتی تەنیبووەوە. تەرکی دارستان هەڵمی لێ هەڵدەستا، چونکە تیشکی خۆر لێی دەدا. هەموو شوێنێک ژیان و هەرا بوو، زەردەواڵە لە شارەکانیان دەهاتنە دەرەوە، مێشوولە بەو دەوروبەرەدا دەخولانەوە کە شێدار بوو، لە دەوەنەکانیشەوە باڵندە چەشنی گوللە دەردەپەڕین هەتا دەیانقۆستنەوە و دیسان هەر بەو خێراییە دەهاتنەوە خوارەوە. لەو کاتەدا شەمەندەفەرێک بە پڕتاو تێپەڕی و ئێمە توانیمان بچینە خوارەوە بۆ سەر

خاکرێژەکە، باوکم بە دوو قامک کە بەرەو کڵاوی یەکشەمۆیانی خۆی بەرزی کردبوونەوە، سڵاوی لە شۆفێری لوکوموتیڤ کرد و شۆفێرەکەش سڵاوی نیزامی کرد و دەستی هێنایە دەرەوە، خێرایی لە هەموو شتێکدا هەبوو. بەم شێوەیە ڕێگامان درێژە دا و پێمان بە دارتەلەکاندا نا کە لەوێ کەوتبوون و لەبەر خۆرەتاوەکەدا دەتوانەوە، هەموو شتێک بۆنی دەهات، ڕۆنی واگن و گوڵی بادام، قیر و خەلەنگ و هەموو بە تێکەڵوپێکەڵی. ئێمە هەنگاوی گەورەمان دەنا هەتا پێ لەسەر (تراوێرس)(١)ەکان دابنێین نەک لەسەر چەوەکە کە زبر بوو بەسەریدا بڕۆی و پێڵاوی دەدڕاند. ڕەیڵەکە لەژێر تیشکی خۆردا دەدرەوشایەوە. لە هەردوو لای هێڵەکە ئەستوونی تەلەفۆن چەقێنرابوو و وەختایەک لە تەنیشتییەوە تێدەپەڕی، گۆرانی دەگوت. بەڵێ، ڕۆژێکی جوان بوو. ئاسمان تەواو ساماڵ بوو، پەڵەهەورێک چییە بەرچاو نەدەکەوت، ئیمکانیشی نەبوو لەم ڕۆژەدا یەک دوو پەڵەهەور بەرچاو بکەون، بە گوتەی باوکم. پاش تاوێک کەوتین بەسەر پەڵەجۆیەکدا کە لای ڕاستی هێڵەکە هەڵکەوتبوو، لەوێ وەرزێرێک کە ئێمە دەماننناسی، کوتە زەمینێکی هەبوو کە پێشتر پووشوپەڵاشەکەی سووتاندبوو و جۆی تێدا چاندبوو، جۆ کەروێشکەی دەکرد. باوکم بە قەیافەیەکەوە وەک ئەوەی شتێکی لێ بزانێ، کلۆشی جۆیەکەی بە وردی ئەم دیو و ئەودیو کرد و دیار بوو بە دڵیەتی. من قەت خۆم لە شتی وا هەڵنەدەقورتاند، چونکە من لە شار لە دایک بووبووم. بەم شێوەیە هاتینە سەر پردەکە کە لەسەر جۆگەیەک بوو، کە دایم ئاوی کەمە، بەڵام ئێستا بە لێشاو ئاوی پێدا دەهات و نەیدەکێشا. دەستی یەکترمان گرت نەکا بکەوینە خوارەوە بۆ نێوان تراوێرسەکان، پاشان زۆری پێ ناچێ دەگەینە ژوورە چکۆلەکەی چاودێری کە سەوزەڵانی و دارسێو و خەڵفەترێی فەرەنگی چواردەوری تەنیوە، چووینە ژوورەوە و سڵاومان کرد و بانگهێشتی شیر کراین و سەیری بەراز و مریشکمان کرد و دارمێوەکانمان دی کە گوڵیان دابوو، دیسان کەوتینەوە ڕێ. ئێمە دەمانویست بگەینە چۆمە گەورەکە، چونکە ئەوێ لە هەر شوێنێکی دیکە جوانتر بوو، ئەوێ شوێنێکی تایبەت بوو، چونکە چۆمەکە لە بەشی سەرەوەدا بە بەردەم شوێنێکدا تێدەپەڕی کە ماڵی سەردەمی منداڵیی باوکم بووە. ئێمە حەزمان نەدەکرد بگەڕێینەوە، بەڵکو تا هێزمان تێدا بوو، دەڕۆیشتین، ئەمڕۆیش دوای پیاسەیەکی باش گەیشتینە ئەوێ. نزیکی وێستگەی دواتر بوو، بەڵام بۆ ئەوێ نەچووین. باوکم تەنیا چاوێکی لێ کرد بزانێ داخۆ (سێمافۆر)(٢)ەکە باش دانراوە، یان نا، ئەو لە بیری هەموو شتێکدا بوو. لە لای چۆمەکە ڕاوەستاین، چۆمی بەرین و بەربڵاو لەژێر خۆرەتاوەکەدا هاژەی دەهات، دارستانی پڕ لە لق و گەڵای قەراخ چۆمەکە، لە نێو ئاوە هێمنەکەدا ڕەنگی دابووەوە، هەموو شتێک لێرە ڕووناک و تەڕوتازە بوو، کزەبایەک لە چۆمە بچووکەکانی سەرەوەوە هەڵیکردبوو. لە سەرەولێژییەکە چووینە خوارەوە و بڕێک بەرەو چۆمەکە چووین. باوکم ئاماژەی بۆ ئەو شوێنانە کرد کە قولاپیان تێدا دەنانەوە. ئەو وەختایەک منداڵ دەبێ، لێرە لەسەر بەردەکان دادەنیشێ و هەتا خۆرئاوابوون چاوەڕێی «سەنگسەرەکان»(٣) دەبێ، زۆرجار هیچی بۆ پێوە نەبووە، بەڵام ژیان خۆش بووە. ئێستا کاتی ئەوە نەبوو، بۆیە بە قەراخی ڕووبارەکەدا هاتین و چووین و کاتێکی خۆشمان بە دەم ژاوەژاوەوە تێپەڕاند، وشکەڵ و توێکڵەدارمان دەرهێنا کە ئاوەکە لەگەڵ خۆی هێنابووی و بەردی چکۆلەمان بۆ نێو ئاوەکە فڕێ دا و کێبەرکێمان کرد بزانین کێ دوورتر بەردەکان دەهاوێ، من و باوکم، هەر لە خۆڕا خۆش و بەختەوەر بووین. سەرەنجام هەستمان بە ماندوویەتی کرد و دیسان بەرەو ماڵ کەوتینە ڕێ.

وڵات خەریک بوو تاریک دەبوو. دارستانەکە گۆڕابوو، تەواو نا، بەڵام کەمتاکورت تاریک بووبوو. کەوتینە پەلە. حەتمەن ئێستا دایکم نیگەران بووە و چاوەڕێیە بچینەوە و نانی ئێوارە بخۆین! دایکم هەمیشە دەترسا شتێک ڕوو بدا! هەڵبەت هیچ ڕووی نەدابوو. هەتا بڵێی ڕۆژێکی خۆش بوو، هیچ شتێک، بێجگە لەو شتەی چاوەڕێی بووین، ڕووی نەدابوو. ئێمە لە هەموو شتێک ڕازی بووین. تا دەهات وڵات تاریکتر دەبوو. درەختەکان زۆر سەیر بوون. ئەوان ڕاوەستابوون و گوێیان بۆ هەر هەنگاوێکی ئێمە ڕاداشتبوو، وەک بڵێی نازانن ئێمە کێین. دارێک گوڵئەستێرەیەکی لەژێر خۆیەوە پێ بوو. گوڵئەستێرەکە لەو تاریکاییە ڕاکشابوو و چاوی لە ئێمە نەدەترووکاند. باوەشم بە دەستی باوکمدا کرد، بەڵام باوکم ئەو ڕووناکییە سەیرەی نەبینی، ئەو تەنیا

دەڕۆیشت. شەوەزەنگ بوو. ئێستا گەیشتبووینە پردی سەر جۆگەکە. جۆگەکە لە خوارەوە لە قووڵاییدا گرمەی دەهات، ترسێنەر بوو، دەتگوت دەیەوێ هەڵمانلووشێ، قەڵشتەکە لەژێرمانەوە دەمی کردەوە. بە وریاییەوە بەسەر تراوێرسەکاندا ڕێمان دەبڕی، توند دەستی یەکترمان گرتبوو هەتا نەکەوینە خوارەوە. وامزانی باوکم لەوێ لە باوەشم دەگرێ، بەڵام هیچی نەگوت، دیار بوو دەیویست منیش وەک ئەو بم و پێم وا نەبێ کە شتێک لە گۆڕێدایە. درێژەمان دا. باوکم لەو تاریکییەدا زۆر بە هێمنی دەڕۆیشت، بە هەنگاوی ڕێکوپێک، بێ ئەوەی قسەیەک بکا، ئەو بیری لە ماڵوحاڵی خۆی دەکردەوە. نەمدەتوانی تێ بگەم کە چۆن دەتوانێ ئەوەندە هێمن بێ وەختێک دنیا ئەوەندە تاریکە. بە ترس و لەرزەوە لە دەوروبەری خۆمم دەڕوانی. تاریکی تەواوی وڵاتی داگرتبوو. بە ئاستەم دەمویرا هەناسەی قووڵ هەڵکێشم، چونکە ئەوکات مرۆڤ گەلێک تاریکی هەڵدەمژی، ئەمەش مەترسیدار بوو، پێم وا بوو ئەوکات مرۆڤ خێرا دەمرێ. باش لە بیرمە ئەوکات باوەڕم وا بوو. خاکرێژەکە دەتگوت بۆ قەڵشتی تاریکی شەو سەرەوخوار دەبێتەوە. دارتەلەکان وەک تارمایی مەیلەو ئاسمان بەرز بووبوونەوە، لەنێویانەوە گرمەی کپ و مات دەبیسترا، وەک بڵێی کەسێک بە قووڵی لەژێر زەوییەوە دەدوێ، کڵاوە چینییە سپییەکانی سەر دارتەلەکان لە ترسان گرمۆڵە بووبوون و گوێ لە مست بوون. هەموو شتێک سامناک بوو. هیچ شتێک ڕاست نەبوو، هیچ شتێک ڕاستەقینە نەبوو، هەموو شتێک وەک موعجیزە وا بوو. خۆمم بە باوکمەوە نووساند و بە چرپەیەکەوە گوتم:

– بابە، بۆ کاتێک هەوا تاریک دەبێ، ئەوەندە سامناکە؟

باوکم دەستی گرتم و گوتی:

– نا، کوڕە شیرینەکەم، سامناک نییە.

– با، بابە، سامناکە.

– نا، کوڕم، تۆ نابێ وا بیر بکەیتەوە. ئێمە دەزانین کە خودایەک هەیە.

هەستم کرد زۆر تەنیام، بێ کەس و بێ دەرەتانم. زۆر سەیر بوو بە تەنیا من دەترسام، باوکم نەدەترسا، زۆر سەیر بوو وەک یەک نەبووین. سەیریش بوو ئەوەی ئەو گوتی، یارمەتی منی نەدا چیتر نەترسم، تەنانەت ئەوەش کە لەبارەی خوداوە گوتی، یارمەتی نەدام. پێم وا بوو ئەویش سامناکە. تۆقێنەر بوو کە ئەو لە هەموو شوێنێکدا هەبێ، لێرە لە تاریکیدا، لە خوارەوە لەژێر داردا، لە دارتەلەکاندا کە دەیگرماند– لەوانەیە ئەوە ئەو بێ– لە هەموو شوێنێکدا، سەرەڕای ئەمانەش پیاو قەت نەیدەتوانی ببینێ.

ئێمە بێدەنگ دەڕۆیشتین. هەر کەسەمان بیری لە خۆی دەکردەوە. دڵتەنگ بووم وەک بڵێی تاریکی هاتووەتە ناخمەوە و خەریکە باوەش بە دڵمدا دەکا.

کاتێک گەیشتینە سەر پێچێک، لە پشت سەرمانەوە لە پڕ گوێمان لە گرمەیەک بوو! ترساو لە دنیای بیر و خەیاڵی خۆمان ڕاچڵەکاین. باوکم ڕایکێشامە خوارەوە بۆ سەر خاکرێژەکە، بۆ نێو قەڵشتەکە، لەوێ ڕایگرتم. ئەوکات شەمەندەفەرەکە بە لاماندا ڕۆیشت. شەمەندەفەرێکی ڕەش، گشت واگۆنەکانی تاریک بوون، زۆر خێرا ڕۆیشت. ئەمە چی بوو، قەرار نەبوو ئێستا هیچ شەمەندەفەرێک بێ! بە ترسەوە لێمان ڕوانی. ئاگر لەو لۆکۆموتیڤە مەزنەوە، لەو شوێنەوە کە خەڵوزیان تێ دەکرد، بڵێسەی دەهات، پریشک بەو شەوە بە هەوادا پەرشوبڵاو دەبووەوە. ترسناک بوو. شۆفێرەکە ڕەنگ زەرد ڕاوەستابوو، بێ جووڵە، ڕوخساری دەتگوت لە بەردە، ڕووناکی ئاگرەکەی بەر دەکەوت. باوکم ئەوی نەناسییەوە، نەیزانی کێیە، ئەو تەنیا چاوی بڕیبووە پێش خۆی، وەک بڵێی بە تەنیا دەچێتە نێو تاریکییەوە، دەچێتە نێو ناخی تاریکییەوە، کە هیچ کۆتاییەکی نەبوو.

تووڕە، هەناسەسوار لە سۆنگەی نیگەرانییەوە، ڕاوەستام و لە دواوە سەرنجی ئەو دیمەنە شێتانەیەم دا، دیمەنێک کە شەو هەڵیلووشی. باوکم بردمییەوە سەرەوە و بەرەو ماڵ کەوتینەوە ڕێ، ئەو گوتی:

– سەیر بوو، ئەمە چۆن قەتارێک بوو؟ شۆفێرەکەشم نەناسییەوە.

پاشان بە بێدەنگی ڕۆیشت.

بەڵام من هەموو گیانم دەلەرزی. ئەمە بۆ من بوو، لەبەر خاتری من بوو. دڵم خەبەری دابوو ئەمە مانای چییە، ئەمە ئەو دڵەخورپەیە بوو کە دەبوو بێت، هەموو ئەو شتە نەناسراوە، شتێک کە باوکم هیچی لەبارەوە نەدەزانی، کە نەیدەتوانی منی لێ بپارێزێ. ئەم دنیایە، ئەم ژیانە، بۆ من ئاوا دەبوو، وەک دنیاکەی باوکم نا، کە هەموو

شتێک تێیدا هێمن و دڵنیا بوو. ئەمە بە هێچ شێوەیەک دنیایەکی ڕاستەقینە نەبوو، ژیانێکی ڕاستەقینە نەبوو. ئەم ژیانە بە دەم ئاگرەوە تەنیا خۆی هاویشتە نێو هەموو تاریکییەکەوە، کە هیچ کۆتاییەکی نەبوو.

**پەراوێزەکان:**

**١- تراوێرس: ئەو تەختە لاکێشانەیە کە لە پانایی هێڵی ئاسن لەژێر ڕەیلەوە دایدەنێن. وەرگێڕ.**

**٢- Semafor دارتێلی هەوایی ئاماژەبەر.**

**٣- سەنگسەر: جۆرێک ماسییە. ئابیوورە. وەرگێڕ**

**٤- ڕۆمانی جەللاد: وەرگێڕ کردوویەتی بە کوردی و ساڵی ٢٠١٢ خانەی وەرگێڕان لە سلێمانی چاپ و بڵاوی کردووەتەوە.**

## چەند دێڕێک لەبارەی پێر لاگەرکڤیستەوە

پێر فابیان لاگەرکڤیست (١٨٩١-١٩٧٤) یەکێکە لە شاعیر و چیرۆکنووسە هەرە دیارەکانی سوێد. لاگەرکڤیست ساڵێک لە زانکۆی ئۆپسالا دەرسی ئەدەبیات و مێژووی هونەر دەخوێنێت و دواتر واز دەهێنێت و سەفەری دانیمارک، فەڕانسە و ئیتاڵیا دەکات، لەو وڵاتانەدا چەندان بەرهەمی جوان دەنووسێت.

ساڵی ١٩٣٠ دەگەڕێتەوە سوێد. لە بەهاری ساڵی ١٩٣٣دا دیسان سەفەری وڵاتانی میسر، فەلەستین و یۆنان دەکات. پێر لاگەرکڤیست کاتێک لەو سەفەرانەی دەگەڕێتەوە، ڕۆمانی "جەللاد"(٤) دەنووسێت کە تێیدا بە توندی هێرش دەکاتە سەر نازیسم و بە گژیدا دەچێتەوە. ئەو کتێبەی یەکێک لەو کتێبانەیە کە بە دەستی نازیستەکانی ئەڵمانیا دەسووتێنرێت. پێر لاگەرکڤیست لەوە بە دوا زیاتر خۆی بۆ خەبات دژی دیکتاتۆری ئامادە دەکات.

ساڵی ١٩٤٠ وەک نوێنەری ئەکادیمیای سوێد هەڵدەبژێردرێت. ساڵێک دواتر لە لایەن زانکۆی یەتەبۆرییەوە دوکتۆرای ئیفتیخاریی لە فەلسەفەدا پێ دەبەخشرێت.

پێر لاگەرکڤیست لە نووسینەکانیدا، بێ ئەوەی خۆی دووبارە بکاتەوە، هەمیشە ئەو پرسیارە ئەزەلییانە دەورووژێنێت کە هەر لە سەرەتای دروستبوونی دنیاوە ختووکەی ناخ و زەینی مرۆڤیان داوە.

ئەو ساڵی ١٩٥١ خەڵاتی نۆبێل لە ئەدەبدا دەباتەوە.

**سەرنج:**

ئەم کورتە چیرۆکە لە کتێبی "ئەفسانەگەلی بەدفەڕ"دا، کە لە ناسراوترین چیرۆکەکانی پێر لاگەرکڤیست پێک هاتووە، بڵاو بووەتەوە. وەرگێڕ ئەم کۆمەڵە چیرۆکەی کردووە بە کوردی و بۆ چاپ ئامادەی دەکات.

**سەرچاوەی چیرۆکەکە بە سوێدی:**

**Onda sagor, Pär Lagerkvist, 1924**